## پێداویستیەکانی بەڵێننامە :

**هەمو قوتابییانی بەڕێزی وەرگیراو لە زانکۆی سۆران بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٥-٢٠١٦) ئاگادار دەکەینەوە، کە بە مەبەستی ئەنجامدانی کەفالە و بەڵێننامە، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:**

**یەکەم: بۆ ئەنجامدانی کەفالە دەبێت قوتابی فەرمانبەرێکی حکومی لەگەل خۆی بهێنێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران و ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت.**

**-1فەرمانبەرەکە نووسراوی پشتگیری فەرمانگەکەی پێ بێت.**

**-2نووسراوی پشتگیرییەکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی کرابێت و ئاماژە بە مووچەی بنەرەتی (اسمی) کرابێت .**

**-3نابێت مووچەی بنەرەتی (اسمی) فەرمانبەرەکە لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر بێت.**

**-4دەبێت نووسراوی پشتگیری فەرمانبەرەکە ناوی ئەو قوتابییەی تێدا نووسراوبێت کە دەبێتە کەفیلی.**

**دووەم: دەبێت قوتابی و فەرمانبەری کەفیل ئامادەبن لەبەردەم بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی و ئەم پێداویستیانەشی پێبێت:**

**-1ناسنامە و ڕەگەزنامەی قوتابی (ڕەسەن + فۆتۆکۆپی ڕەنگی یەك نوسخە.(**

**-2ناسنامە و ڕەگەزنامەی فەرمانبەری کەفیل (ڕەسەن + فۆتۆکۆپی ڕەنگی یەك نوسخە.(**

## پێداویستی یەکانی قوتابی بۆ تەواو کردنی مامەڵەی وەرگرتنیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦

١. بڕوانامەی ئامادەیی (رەسەن).
٢. کۆپی ناسنامەی ڕەنگاو ڕەنگ (٢) دانە.
٣. کۆپی رەگەزنامەی ڕەنگاو ڕەنگ (٢) دانە.
٤. کۆپی پسولەی خۆراکی ڕەنگاو ڕەنگ (٢) دانە.
٥. کۆپی کارتی زانیاری ڕەنگاو ڕەنگ (٢) دانە.
٦. پشکنینی لیژنەی پزیشکی.
٧. شەش وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ.
٨. کەفالە وبەڵێننامە کە لە (سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران/ بەشی یاسایی ئەنجام دەدرێت).
٩. فۆرمی زانیاری زانکۆلاین بۆ تۆماری گشتی.
١٠. وێنەیەک لەسەر(CD) بە کوالیتی بەرز (High Quality).

Email: register@soran.edu.iq
ناونیشان : هەرێمی کوردستان، هەولێر/ سۆران، شەقامی کاوە
تەلەفۆن : ٠٦٦٢٥٠٨٢٩٥